محەمەد غەزەنفەری



# دەرکەوتەکانی ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆجیا لە وەرگێڕاندا

وەرگێڕانی بەدەستکارییەوە: رزگار جەباری

وەرگێڕان چالاکییەکی هوشیارانە و ئاراستەکراوە کە لە هەموو قۆناغەکانیدا، هەر بڕیارێک کە وەرگێڕ وەری دەگرێت، هەر بابەتێکی خوازراو کە هەڵی دەبژێرێت و هەر ستایلێک کە دەیگرێتە بەر، هەموو بە جۆرێک لە ژێر کاریگەریی ئاراستەگیری

ئایدیۆلۆجیای ئەودان.

لە سەرتاسەری مێژووی شارستانییەتدا، وەرگێڕان یەکبینە چەشنی ئامێری ئاڵوگۆڕی هزرەکان و بلاوکردنەوەی زانیاری مرۆیی لە ژیانی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا کاریگەر بووە. وەرگێر "مترجم" لە پانتاییەکی کۆمەلایەتی – رۆشنبیری تایبەتدا کار دەکات و بە بەشێک لە کۆمەڵگەی زمانی هەژمار دەکرێت، کە لە وەرگێڕانەکەی ئەو سوودمەند دەبن، کەواتە وەرگێڕان چالاکییەکی خودان ئامانج و ئاراستەیە کە بە رەچاوکردنی پێداویستییەکان، حەزەکان، بیروباوەڕەکان و وێناکانی کۆمەڵگە و رۆشنبیری خوازراو ئەنجام دەدرێت، لە لایەکی ترەوە، لە رەخنە و توێژینەوەی وەرگێڕاندا بە زۆری رووبەڕووی پۆلینکاری دووانەیی دەبینەوە، برێک لە پۆلێنکارییەکان بریتیە لە: "وەرگێڕانی سەربەست" بەرامبەر بە "وەرگێڕانی وشە بە وشە"، "وەرگێڕانی پێوەر" بەرامبەر بە "وەرگێڕانی وێنەیی"، "وەرگێڕانی پێوەستدار" بەرامبەر بە "وەرگێڕانی واتایی"... هتد. بەلام حیتم و میسن ۱۹۹۷ لەو باوەڕەدان کە ئەگەر بە دیدێکی گشتگیرەوە بڕوانینە بابەتەکە، بابەتی بژاردەی وەرگێڕ، لە پرۆسەی وەرگێڕاندا بە زۆری دەتوانین لە چوارچێوەی جیهانبینییە ئایدیۆلۆجیاکانی ئەودا لێی رامێنین و شی بکەینەوە. بە بۆچوونی ڤنونی ۱۹۹۵ رێبەرەکانی پرۆسەی گواستنەوەی دەقی بنچ بۆ دەقی خوازراو لە جیهانبینی ئایدیۆلۆجییەکانی وەرگێڕەوە سەرهەڵدەدات. تا ئەو جێگەیەی دەتوانین بڵێین، بە درێژایی ئەم رێگەیە، وەرگێڕ ناتوانێت لە بەندی ئایدیۆلۆجیا هەڵبێت و قوتار بێت. لەم سۆنگەوە وەرگێڕان خۆی لە خۆیدا چالاکییەکی ئایدیۆلۆجییە. لێرەدا پرسیارێک کە خێرا بە زەینماندا دێت ئەوەیە: ئایا چوارچێوەیەک بۆ توێژینەوەی سامپڵی رۆڵی ئایدیۆلۆجیا لە وەرگێڕاندا هەیە. تاکو لەو رێگەیەوە بتوانرێت ئاراستەگیرییەکانی ئایدیۆلۆجیای وەرگێڕ لە دەقدا بخرێتە روو؟ بە بۆچوونی شافنەر ۲۰۰۲ وێڕای ئەوەی کە هەر وەرگێڕانێک خۆی لە خۆیدا دەکرێت بە بەرهەمی ئایدیۆلۆجیایەک دابنرێت، هەروەها دەتوانرێت رەهەندەکانی ئایدیۆلۆجیای هەر دەقێکی وەرگێڕدراو لە ناخیدا دەربکێشرێت و بخرێتە بەر پێشەنگای تێڕوانین. ئەو لەوباوەڕەدا بوو کە شیتەڵ و شیکاریی رەهەندەکانی ئایدیۆلۆجیای وەرگێڕان، دەتوانرێت لە دوو ئاستی بێژەیی «بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی وشەی تایبەت و دوورەپەرێزی لە وشەی تر» و رێزمانی «بۆ نموونە بەکارهێنانی پێکهاتەی نادیار بە مەبەستی دوورەپەرێزی لە نیشاندانی ئەنجامدەری کار» ئەنجام بدرێت.

## پێناسەی ئایدیۆلۆجیا:

ئایدیۆلۆجیا یەکێکە لەو چەمکانەی کە لەلایەن بیرمەندانەوە لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی زانستە مرۆییەکاندا وەک زانستە رامیارییەکان، زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ئەدەبیات، زمانناسی و... هتد بەکار هێنراوە. لە هەمان کاتدا یەکە پێناسەیەکی نییە.

هاوکینز ۲۰۰۱ ئایدیۆلۆجیای بە چاوگەی زۆرینەی پاڵپەستۆیە مرۆییەکان ناساندووە و بە بوونەوەرێکی دادەنێت کە چەشنی زمان، بە درێژایی شەو و رۆژ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات. بەڵام تا ئەو ساتەی بەرهەڵستی ئایدیۆلۆجیای جیاواز دەرنەکەون، کەمتر پێوەی سەرقاڵی تێرامان دەبین. بە بۆچوونی ئەو، ئایدیۆلۆجیا بە کۆمەڵە بیروباوەڕێک دەگوترێت کە ئەزموون و چاوەڕوانییەکانی مرۆڤ دروستی دەکەن. لیکاف ۲۰۰۱ لە روانگەیەکی شوناسانەوە تەماشای ئایدیۆلۆجیا دەکات و بە جۆرێکی رژێمی زەینی و ئەبستراکی دەزانێت کە لە هەمان کاتدا رژێمی ئاکاریش لە خۆ دەگرێت و رێگەی چاک لە رێگەی هەڵە جوێ دەکاتەوە. بە بۆچوونی ئەو، ئایدیۆلۆجیاش خودانی هەم رەهەندگەلێکی هوشیارانە و دیار و هەم رەهەندگەلێکی ناهوشیارانە و داپۆشراوە. ئەو پێناسەیەی کە سیمپسون ۱۹۹۳ بۆ ئایدیۆلۆجیای داڕشتووە، حیتم و میسنیش ۱۹۹۷ پەسەندیان کردووە، رەنگە لە ناوەندەکانی زمانناسی و وەرگێڕانناسیدا زیاتر بەکار بهێنرێت: ئایدیۆلۆجیا لە گریمانەگەلێکی بەڵگەنەویست، کۆمەڵە باوەڕ و بەهایەکەوە سەرهەڵدەدات کە رواڵەتی هاوبەشی کۆی تاکەکانی کۆمەڵگەیەک دروست دەکات. بەڵام دواین پێناسە کە رەنگە لە کۆی پێناسەکانی تری ئایدیۆلۆجیا زیاتر شایستەی باس بێت، هی دوکتۆر یار محەمەدییە (۱۳۷۹ ک. هـ): «لە زمانناسیدا ئایدیۆلۆجیا بە کۆمەڵێک باوەڕ و بەرهەمە ئەزموونییەکان و بەهاگەلێکی خودان رژێم دەگوترێت کە لە کۆمەڵگەیەک یان لە بەشێکی کۆمەڵگەدا برەوی هەیە».

## زاراوە شیکارییەکانی حیتم و میسن لە پانتایی ئایدیۆلۆجیا و وەرگێڕاندا:

لە روانگەی سیمۆلۆجیاوە، وەرگێڕان ئەو چالاکییەیە کە لەگەڵ کۆمەڵێک هێمادا هەڵسوکەوت دەکات و وەرگێڕ هەوڵ دەدات، وێڕای مەبەستەکانی نووسەر، تایبەتمەندییەکانی سیمۆلۆجیای دەقی بنج بۆ دەقی خوازراو بگوازێتەوە. بەڵام لە رێڕەوی ئەم پرۆسەی گواستنەوەیەدا بەربەست و کۆمەڵە سنووربەندییەک هەیە کە دەتوانن کار بکەنە سەر بڕیار و شێوازەکانی وەرگێڕیش. لەوانەش وەک زاراوەکانی سیمۆلۆجیا کە

دەشێ ببنە هۆی دروستبوونی سنووربەندییەکی لەو جۆرە. دەتوانین ئاماژە بە ژانری "ئاخاوت ئاسا"، "ئاخاوتەیی" و "دەق" بکەین، هەر یەک لەمانە هەڵگری بنەما، باوەڕ و بەهاگەلێکی تایبەتن کە دەشێ لە هەردوو کولتوور و زمانی بنج و خوازراودا وەک پێویست یەکسان نەبن. «حیتم و میسن ١٩٩٠». ئەو چوارچێوەیەی کە حیتم و میسن ١٩٩٠ بۆ توێژینەوەی رەهەندەکانی ئایدیۆلۆجیا لە وەرگێڕاندا پێشنیازیان کرد. لە سێ زاراوەی پێکەوە بەسترا - واتە "ئاخاوتە ئاسا"، "ئاخاوتەیی" و "دەق" خەریکی توێژینەوەی رەهەندەکانی ئایدیۆلۆجیا لە وەرگێڕاندا دەبن. لەسەر بنەمای ئەم راستییە پرۆسەکانی کارکرد لەسەر بەدیهێنان و پەسەندکردنی دەق، رێساکانی رەوانبێژی هەر دوو زمانی بنج و خوازراو رەچاو دەکرێت. لە سۆنگەی ئەوانەوە، هەر سێ زاراوەی ئاماژەپێکراو چەشنی رژێمگەلێکی سیمۆلۆجیا خۆبەخۆ کار دەکەن: کە ئایدیۆلۆجیا لە چوارچێوەی ئەمانەدا دەردەکەوێت. بۆیە بە وتەی میسن ١٩٩٤ باشترین رێگەی توێژینەوەی رۆڵ و رەهەندەکانی ئایدیۆلۆجیا لە وەرگێڕاندا ئەم چوارچێوەیەیە.

**وەرگێڕان خۆی لە خۆیدا چالاکییەکی ئایدیۆلۆجییە**

## رێکخستنی سەرەتا - کۆتا

لە روانگەی پێوەستییەوە، ئەگەر رستە «یان بە وتەی هالیدی ١٩٨٥ - نیمچە رستە - clause» وەک پەیامێک لە بەرچاو بگرین، ئەم پەیامە لە دوو بەشی سەرەتا theme و کۆتا rheme پێک دێت.

**شێوازی روونکردنەوە، چۆنیەتی دەرکەوتنی واتا لە نێو چوارچێوەی رستەکاندا روون دەکاتەوە**

سەرەتا خاڵی دەستپێکی پەیامە: یان بە وتەیەکی تر ئەو شتەیە کە رستە لەبارەیەوە دەدوێت. کۆتا دووەم بەشی رستەکە پێک دێنێت و لە چاو سەرەتا خاوەن بایەخێکی پێوەستی کەمترە، کۆتا مەبەستی وتەیە و لە راستیدا

بریتـیـیـه لەو شـتـەی کـە ئاخـێـوەر یـان نووسـەر لەبارەی سـەرەتاوە دەدوێت. لـە روانگەی پێوەسـتییـەوە، کۆتا گرینگترین بەشی پێکهاتەی رستەیە پێک دێنێت. لەم رووەوە ئامانجی پێوەسـتی دەربڕاو utteraance پشت راست دەکاتەوە و کۆمـەڵـە زانیـارییـەک لە خۆدەگرێت ئاخێوەر یان نووسەر نیازی گواستنەوەی هەیە بۆ بیسـەر یان خوێنەر «بەیکەر ١٩٩٩». لە دوو نموونەی خوارەوە ورد بنەوە:

| سەرەتا | کۆتا |
|---|---|
| ١- بچووکترین دراوی بەریتانیا | نیو پنییە |
| ٢- نیو پنی | بچووکترین دراوی بەریتانیایە |

پێـویست بە بیـرهێنانەوە دەکـات کـە "سـەرەتا" هەمـوو کـات گـرووپێکی ناوی «وەک نموونەکانی سەرەوە» نییە. گرووپێکی ئاوەڵکار یان ئامرازی دانەپاڵ دەتوانێت لە جێگەی «سـەرەتا» دەرکـەون، تەمـاشـای نیـوە دێـری - حـافـزی شـیـرازی - «سـالاَنێک دڵ داخـوازی بادەی جەمی لێ دەکردین» بکە، ئاوەڵکاری "سالاَنێک" وەکو سەرەتا دەرکەوتووە. بەهەمان شێوە لە رستەی «لە رۆژگارانی دێریندا، پاشایەکی ستەمکار لەسەر زەوی فەرمانڕەوایی دەکرد» گرووپی ئامرازی دانەپاڵ لە رۆژگارانی دێریندا سەرەتای رستەکەیە.

هـالیـدی ١٩٨٥ لە بارەی هەردوو نموونەی ١ و ٢ دەڵێت: ئەم دوو رسـتـەیە دوو پەیامی جیـاواز دەگوازنـەوە. رسـتـەی ١ لە بـارەی " بچـووکـتـرین دراوی بەریـتـانیـا "یـە. هەروەها رستەی ٢ لە بارەی " نیو پنی"یەوە دەدوێت. بە وتەیەکی تر بە جۆرێ ئەگەر سەرەتای رستە بگۆڕدرێت، گـرینگی پێـوەسـتی واتای پەیامـەکـە تووشی گـۆڕان دەبێت. بەم پێـودانـگە، دەتوانین پەی بە گرینگی رێکخستنی سەرەتا - کۆتا ببەین.

## شێوازی روونکردنەوە

لە توێژینەوەی شیتەڵ و شیکاریی دەقدا، هالیدی لەو باوەڕەدایە کە شیکاری دەق لە هەر جۆرێکدا بێت، چی وەرگێڕان چی ناوەرگێڕان، پێویستە پشت ئەستوور بێت بە رێزمـان و هەروەها وێناکردنی ئەوەی کە دەتوانرێت ئاخاوتەیی بە بێ پێویسـتی رێزمـان شـیـتـەڵ و شیکـار بکرێت جگە لە خەیاڵ و گومانێک هیـچی تر نییـە. ئەو رێزمانەی کە ئەو پێشنیـازی دەکات کە شیکاریی دەقی لەسـەر ئەنجام بدرێت، لە زمـانناسیـدا بە رێزمـانی grammer ) سیستەمی - رێزمانی کارخوازی ناسـراوە. زمانزانان بە رێگەی systemic - functional ) :

جـیــاواز دەتوانن ئەزمــوون و هەســتی خـۆیان لـەمــەڕ رووداوەکـان و وێنەی زەینی کــە بۆ واقیـعـەکـانی جـیـهـانیـان هەیە، روون بکەنەوە. لە ڕێزمـانی هالیـدیدا ئەم بژاردانە لە نێو چوارچێوەی سـیـسـتـەمی شـێـوازی روونکردنەوەدا transitivity ئەنجـام دەدرێت. شـێـوازی روونکردنەوە، چۆنیـەتی دەرکەوتنی واتا لە نێو چوارچێوەی رسـتـەکاندا روون دەکاتەوە و ئەم پرسـە بە سوود وەرگرتن لە پرۆسـە جیاوازەکـانی "گرووپی کاری"  ئەنجام دەدرێت. بە شێوەیەکی گشـتی، پرۆسـەکانی واتایی کە لە چوارچێوەی رسـتـەدا روون دەکرێنەوە، خودان سێ پێکهێنەری بە هێزن:

١- خودی پرۆسـەکە، کە لە شێوەی گرووپی کاری دەردەکەون.

٢- بەشـداربوون لـە پرۆسـەکـەدا، کـە کـۆمـەڵە رۆڵێکی جـیـاواز لە نێـو چوارچێـوەی گرووپە ناوییەکانی لە ئەستۆدایە.

٣- هـەلومــەرجـەکـانی پـرۆسـەکـە، کـە لە رێگەی گـرووپـە ئـاوەڵکاریـیــەکـان یان ئـامـرازەکـانی دانەپاڵ پشت راست دەبنەوە.

هـالیـدی شـەش جۆر پرۆسـە دەژمـێرێت، بـەڵام پرۆسـەی مـادی material، زەینی mental و ئـیـعـتـبـاری relational بە سـەرەکـیـتـرینیـان ناوزەد دەکـات. کە بوارێکی زیاتری دەوێت بۆ راڤـەکـردن.   ئەوەی لێرەدا جـێگەی باسـە، ئەوەیـە کە گۆڕانی رووخـسـاری پرۆسـەکـان لە وەرگـێـڕاندا، دەتوانێت ئـایدیۆلۆجـیـای نووسـەری دەقی بنچی دەسـتـەمـۆی گـۆڕانکاری بکاتەوە. حـیـتم و مـیسن جـەخت لـەسـەر ئەوە دەکـەنـەوە کە گۆڕانی پێکهاتەی رسـتـە «بۆ نموونە لە دیارەوە بۆ نادیار یان بە پێچەوانەوە گۆڕانی پرۆسـەی ئیرادی بۆ نائیرادی، و...» دەتوانێت نیشـاندەری جیـهـانبینی و ئارەزووەکانی ئایدیۆلۆجـیـای جیـاواز بێت. سـایکس ١٩٨٥ دوو رسـتـەی خـوارەوەی بەراورد کـردووە و شـێـوازی روونکردنەوەی رسـتـەی دووەم لەچاو رستەی یەکەم نیشـاندەری تێڕوانینی هەڵاویرئامێزی ئاخاوتەیی دەزانێت:

(ئەلیف) لاوانی رەشپێست پۆلیسیان بەردباران کرد.

(بێ) پۆلیس لەلایەن لاوانی سپیپێستەوە بەردباران کران.

ئەگـەر چی هـەر دوو رسـتەکە داگری پەیامـێکی یەکسـانن «بەرد هاوێژان لە - ئەلیف - دا رەش پێـست و لە - بێ - دا سـپی پێـستن». لەگەڵ ئـەوەشـدا، رسـتـەی نادیاری بێ لاوانی سـپیـپێسـتی لە ناوەندی سـەرنجی رسـتەکەی رەواندووەتەوە و جـەختکردنـەوەی پەیامەکـەی لەسـەر پۆلیس چەقبەستوو کردووە و بەم جۆرە، چالاکی لاوانی کەم رەنگ دەرخستووە.

سەرچاوە: کۆواری مترجم